# ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆ دەبێتەوە و پرسی بودجەی عێراق و کارەباو بەنزین تاووتوێ دەکات



ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆ دەبێتەوە و پرسی بودجەی عێراق و کارەبا و بەنزین تاووتوێ دەکات.

ئەمڕۆ چوارشەممە، 2ی ئابی 2023، حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتیی مەسرور بارزانی، سەرکی ئەنجومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی، جێگری سەرکی ئەنجومەنی وەزیران، کۆ دەبێتەوە.

لە تەوەرێی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، دوا پێشهاتەکانی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2023-2025 و دابینکردنی شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان و هتد.وی دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاووتوێ دەکرێن.

بارودۆخی کارەبا و بەنزین لە کوردستان، یەکێکی دیکە دەبێت لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە و لە بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکەدا باسیان لێوە دەکرێت.

لە بڕگەی سێیەم و کۆتاییدا، پرۆژەی پێدانی پارە بە شۆفێرانی ئەلیکترۆنی و پرۆژەی خەرجکردنی مووچە لە هتد.گەی هەژماری بانکی گفتوگۆ دەکرێن.